هێز چەکدارەکانی ئێران: وەڵامێکی گشتگیر و یەکلاکەرەوەمان بە هەر دەستدرێژییەک دەبێت

ئەمڕۆ سێ شەممە،هێزە چەکدارەکانی ئێران،جەختیان کردەوە کە وەڵامێکی گشتگیر و توند و یەکلاکەرەویان بە هەر جۆرە دەستدرێژییەک دەبێت.

هێزە چەکدارەکانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی 47ـەمین ساڵیادی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، کە ئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایانگەیاند: ئێران بە هێز و پتەوییەوە لە بەردەم هەر جۆرە هێرشێک دەوستێتەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی و بەرگری کردن لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی.

وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە بە توندی ڕووبەڕووی هێرشەکان دەبینەوە و وەڵامێکی گشتگیر و بەهێزمان بە هەر دەستدرێژییەک دەبێت،ئاماژەی بەوەشداور کە هەرچەندە فشارەکان بە سەر ئێران زیاتر بن، بەرگریی گەلەکەمان و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان زیاتر دەبێت.